به ناوی کوردستانی گەورە !

# کارنەڤاڵی مەریوان

**2003/7/28**

ح. س. سۆران
soran909@hotmail. com

زۆر کەس شاری مەریوان بە گوڵی گەشی سەرقەرتاڵەی شارگەلی رۆژهەڵاتی کوردستان دەزانن، کە ئەم بۆچوونە چەند هۆی سەرەکی و نا سەرەکی هەیە و من لێرەدا بە سێ دانە لەو هۆ سەرەکیەکان ئاماژە دەکەم :

- رۆحی هەرە پاکی کوردایەتی لە مێژینەی خەڵکی مەریوان، کە هەر ئەو رۆحەیە لە هۆنراوەکانی ماموەستا قانعی مەریوانی دا ، رەنگی داوەتەوە.
- هەڵکەوتنی بارودۆخی تایبەتی جوغرافیایی.
- بوونی گۆلی رۆمانتیکی زرێبار.

بە کورتی ئەو سێ خاڵەی سەرەوە، مەریوانی کردوە بە شارێکی هەرە کوردانە و بە باژێرێکی شازی کوردەواری.

هەر بەم بۆچوونە، شاری مەریوان هەمیشە لە کاری فەرهەنگی کوردیش دا ، لە رۆژهەڵات بە چەشنێک رچە شکێن بوە، بۆ وێنە کاتێک کە لە کەڵەشارەکانی رۆژ هەڵات، بە دەگمە تاقە گۆڤارێک هەبو ، سێ دانە گۆڤاری کوردی لەم شارە بڵاو دەبوەوە، بە ناوی زرێبار ، تیشک و ئەنجومەنی ئەدەبی.

هەر لەم رێبازەدا ، شاری مەریوان، شاری پێشەنگی فەرهەنگ و رۆشنبیری کوردی لە رۆژهەڵات، لە پێکهێنانی کارنەڤالی نەورۆزیشدا ، بو بە رچەشکێن و بۆ هەوەڵ جار، نەورۆزی ساڵی 1380ی کۆچی هەتاوی، بە شکۆترین کارنەڤالی نەورۆزی لەم شارە پێکهێنا ، کە چون ئەم هەنگاوە بە بزوتنەوەیەکی فەرهنگی یەکجار زۆر بەرز دادەنرێ و قەت کۆن نابێ، ئێستا وەک یەکێک لە بەشدارانی ئەو کارنەڤالە مێژوویە، باسی کورتەیەک لەو رووداوە فەرهەنگیە تان بۆدەکەم :

لە ئاخری مانگی رەشەمەی ساڵی 1379 ی کۆچی هەتاویدا ، رێورەسمی مەرگەساتی هەڵەبجە لە شاری شارۆچکەی مووچەش، لە ناوچەی کامیاران پێکهات، کە منیش بۆ پێشکەش کردنی هۆنراوە، بانگ کرام بۆ ئەم شارۆچکەیە. رێورەسمی هەڵەبجە بۆ ماوەی رۆژێک بەرێوە چو و هاوکات، لە مەریوانەوە هەواڵیان ناردبو کە لەوێ کارنەڤالی نەورۆز بەرێوە دەچێ و منیش بچم بەشداری بکەم.

رۆژی ئاخری مانگی رەشەمەی 1379 گەیشتمە مەریوان و0چوومە خزمەت خۆشەویستانی مەریوانی، کە زوربەیان لە کەسایەتیە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیە کانی ئەوێ بوون. فەرمویان، کە ئەم ئێوارەیە، یانی ئێوارە ی نەرۆز کارنەڤالی نەورۆز، لە مەیدانی نەورۆز، لە قەراغی شاری مەریوان بە رێوە دەچێ و تۆش وەرە. نزیکەی کاتژمێری 4 ی ئێوارە بو ، چوینە مەیدانی نەورۆز. حەشیمەتێک بەشداری کردبو ، کە رەنگە بێ وێنە بو. لەبەر زۆری خەڵک نەدەبژێران، بەڵام بان تەپەکان، نێو شیوە کان، سەربانەکان، نێو شەقام و کۆڵانەکان و خودی مەیدانی گەورەی نەورۆز، حەشیمەت پەنگی خواردبوەوە. ئەگەر بڵێم سەد هەزار کەس دەبوون، رنگە زۆرم نەوتبێ.

تریبوونی بەرنامەی کارنەڤاڵ، لە نێوەراستی مەیدانی نەورۆزدا دانرابو ، بەڵام هێندە خەڵک زۆر بوون، دەنگی بەرزوێژ (بڵێندگۆ) بە هیچ کوێ نەدەگەیی. چوون ئۆتۆبووسێکی گەورەیان هێنا و تریبوونەکەیان بردە سەر بانی ئۆتۆبووسەکە، ئەمجار لەو حاستەبەرزەوە، ئیدی دەنگی بەرنامەکە، باش دەگەیی بە هەمو جێگەیەک.

بەرنامەی کاڕنەڤاڵەکە بریەتی بو ، لە وتار، سرووودگەلی نەتەویی کورد، گۆرانی، هۆنراوە، هەڵپەڕکێ و بەرنامەی دیکەی فەرهەنگی کوردی، کە زۆر سەرنج راکێش بو و ئەم بەرنامەیەی کرد بە رووداوێکی فەرهەنگی مێژووی.

دڵنیام کە تەواوی ئەو بەرنامە جوانە، بە چەشنی فیلم دەرهاتوە و بڵاو بوەتەوە، منیش لەوێ لە سەر دوندی سەربانی ئۆتۆبوسەکە، هۆنراوەی " بەرەو نەورۆز" ی خۆمم خوێندەوە.

بریا هەموسالێک، ئەم چەشنە کاڕنەڤاڵە نەورۆزیانە، لە گشت شارەکانی کوردستانی گەورە پێک دەهات، کە بۆ خۆی بە چەشنە بووژانەوە و ژیانەوەیەکی مەزن دادەنرێ.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی، کوردستان نێت لێی بەرپرسیارنییە.